# حیزبی لیبراڵ دیمۆكراتی كوردستان

# *Kurdistan Democratic Lliberal Party*

ژمارە: ***sj12x 46***

ڕێكەوت : ***2010/10/14***

---

بۆ كۆبوونەوەی ژمارە (*4*)ی هێزە كوردستانییەكان لە ستوكهۆڵم

بۆ پێكهێنەران و بەشداران

بۆ هەموو جەماوەری ئازادیخوازی كوردستان

سڵاویكی شۆڕشگێڕانە

بەڕێزان وەكو سەرەتایەك بۆ چوونە نێو بابەتەكەمان، سڵاوو ڕێز و ماندوو نەبوونی ئێمە (حیزبی لیبراڵ دیموكراتی كوردستان) قبووڵ بكەن. خۆمان بە بەختەوەر دەزانین كە بەشدارین لە چالاكیی بزاڤێكی دڵسۆزدا، كە بۆ لەناوبردنی ئەو ناكۆكییانەی كە بە درێژایی سەدەی رابردوو، نەك تەنیا حیزب و گرووپ و دەستە شۆڕشگێڕەكانی لێك دوور خستوەتەوە، بەڵكو بۆتە هۆی ناتەبایی چین و توێژەكانی نێوكۆمەڵگاكەشمان و دەسخۆشی ئەو دەسپێشخەرییەتان لێدەكەین.

دوژمنانی نەتەوەكەمان بە هەموو شێوازێك كەڵكیان لە ناتەبایی نێوانمان وەرگرتووەو تەنانەت لە زۆر كاتیشدا، بوونەتە هۆكاری سەرەكی بۆ گەورەتركردنی كێشە و ناكۆكییە ناوخۆییەكانی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی گەلەكەمان، كە دەكرا بە لێبوردەیی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی - نیشتمانی بە كەمترین كات و بێ هیچ باجدانێكی قورس چارەسەر بكرێت.

لە كاتێكدا وەك دیمۆكراترین نەتەوەی مێژوو، كە پارێزەری مافی تەواوی كەمایەتییەكانی بێجگە لە كوردی سەرخاكی كوردستان( وەك ئاشووری و ئەرمەنی و كلدانی و بەهایی و جوولەكە...)بووین ، بەڵام هیچكات ڕێزمان لە بیروبڕوا جیاوازەكانی نێوخۆمان نەگرتووە.

ئەزموونی نەتەوەکانی ترمان بە هێند وەرنەگرت و دووبارە بۆخۆمان دووپاتمان کردنەوە و هەر بەو دەسکەوتانەش گەیشتین کە ئەوان پێش ئێمە لە نەبوونی تەبایی نێوان ریزەکانیاندا پێی گەیشتبوون.

چ شتێك دەتوانێ ئیسرائیلێك لە نێوان چەندین دەوڵەتی بە هێزی عەرەبیدا کە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئابووریی بەهێزن و گەمارۆیانداوە، هێندە قایم لەسەر پێ ڕابگرێت... جگە لە چەکی دەستەوایی و تەبایی نەتەوەییان کە توانییان بوونی خۆیان بە تەواوی دونیا بسەلمێنن؟

نەتەوەی یەهوود بە درێژایی مێژووی ئاوارەبوون و دەربەدەرییان توانییان زمان و کلتوور و نەریت و ئابووریی خۆیان بپارێزن کەچی ئێمە وەك یەکێك لە گەورەترین نەتەوەو وڵاتە بێدەوڵەتەکان، هیچکاتێك نەمانتوانی ئەو راستەقینە حاشاهەڵنەگرە بەخۆیشمان بسەلمێنین کە دەتوانین خاوەنی رۆحێکی نەتەوەیی و کاراکتەرێکی بەهێزی ئەم دنیا بەرینە بین کە تێیدا دەژین، چ بگات بە جیهانی دەرەوە. هەر بەو هۆیەشەوە جیهانی دەرەوە نامانبینن و لەگەمەی ستراتێژیی جیهانیدا بەشدارمان ناکەن.تەنانەت وەکو کوردی تەواو نامانناسن و بە کوردی ئێران و عێراق و سووریە و تورکیە و ئەرمەنستان و... چاومان لێدەکرێت و بۆ بوون و نەبوونمان بریار دەردەکرێت.

گلەیی زۆرە و ئیدی بەسە. چارە چییە و چیمان پێدەکرێت، ئەوە گرینگە. دەبێ ئاڵتێرناتیڤێکی خێرا بدۆزینەوە کە چارەساز بێت.

وەرن پێکەوە بۆ دروستبوونی رۆحی( تەبایی نەتەوەیی ) بە کردەوەو لە چوارچێوەی رێکخراوێکی وەك " **یەکیەتیی تەبایی هێزەکانی ئوپوزیسیۆنی رۆژهەڵات" هێزەکانمان سەرلە نوێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی شێوازی بیروبۆچوون و سیاسەتی رێکخراوەیی، وەك رێکخراوێکی فرەلایەن بنیاد بنێینەوە.**

– دامەزراندنی فێدراسیۆنەکانی کار، بۆ چالاککردنەوەی ئەندامانی کارای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەتوانن شێلگیرانە بۆ خزمەت بە وڵاتەکەیان هەڵسووڕاو بن، پێویستییەکی گرنگی نەتەوەییمانە.

– دامەزرانی (پارلمانی ستراتێژیی رۆژهەڵاتی کوردستان) وەك هێزێکی بەدەسەڵات کە خاوەنی ئایین نامەیەکی تایبەتی وەك یاسایەکی باوەرپێکراوی میللی بێت، بە بێ جیاوازیدانان لە نێوان هێزو گرووپەکاندا جێی بایەخ و سەرنج پێدانە.

لەم پارلمانەدا، کە دەتوانێ نوێنەری کاتیی گەل لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێت، لە کەسانی نەتەوەیی و رۆشنبیرانی سەربەخۆی نێوخۆ و دەرەوەش کەڵك وەربگیرێت.

**پارلمانی ستراتێژیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ئەم خاڵانە لەخۆیدا جێگیر بکات:**

1- دێموکراسی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی حیزبی.

2- بەرژەوەندیی گەل وەك بەرژەوەندیی سەرەکی و ستراتێژیك.

3- دروستکردنی وەفدێکی دیپلۆماتێك لە تەواوی هێز و کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ کاری سیاسی و ئەنجامدانی چالاکیی دیپلۆماتیك.

4- دانانی سندووقێك بۆ وەرگرتنی یارمەتی بۆ هاوکاریی هێزەکان و هێنانە سەرەوەو دەستگرتنی لایەنە کەمتواناکان.

5- بەهێزکردنی لابی کورد بە لەبەرچاوگرتنی توانای ئەو کوردە نیشتمانپەروەرانەی کە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکادا توانیویانە خاوەنی کەسایەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەهێز بن.

**پێمانوایە : ئەگەر میللەتێ بتوانێ، تەنیا حەوتوویەك نان نەخوات، کار نەکات، هیچ نەکات. هەر دانیشێ و پشوو بدات .دەتوانێ گەورەترین دوژمنی خۆی بەچۆکدا بێنێ. بڕواتان بێ، ئەم پێکەوە بوونە هێزێکی وا دەخولقێنێ ، کە بە هەموو شتێکی خۆی بگات!... چونکە ئەمە ئیرادەی یەکگرتوویی بۆ رزگاریی نیشتمان لە تەنگ و چەڵەمەکان، لە دڵی هەموو تاکێکدا بە هێز دەکات.**

لەکۆتاییدا، بەر لە هەموو شتێك، دامەزرانی " کومیتەی هاوکاری و یەکگرتوویی هێزەکانی ئۆپوزیسیۆن" بە پێویست دەزانین و داوا لە هەموو چالاکانی سیاسیی کورد ئەکەین، هاوکاری و پشتگیریی دۆزی ڕەواتان بکەن .

بە ئەوپەڕی رێزەوە کەم تەمەنترین پارتی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێدەکات و هیواخوازە، هیچکات هیوابڕاو نەبین.

**بژی کورد... سەرکەوتن بۆ هەمووان.**

**رێبەرایەتی حیزبی لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستان**

2010/10/14